## بۆ هاوپشتی لەگەڵ ژنانی خەباتکاری یەکسانیخوازدا، دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران

## بانگەوازێک بۆ خۆپیشاندانی پشتیوانیکردن لە خەباتی ڕزگاریخوازانە لە ئێراندا

**یەکشەممە ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ – کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ - Place des fêtes - République**

نزیکەی سێ حەفتە بەسەر کوشتنی «ژینا»دا، ژنێکی لاوی خەڵکی کوردستان و ڕێبوار لە تاران، بە دەستی ڕژێمی پیاوسالاری کۆماری ئیسلامیی ئێران تێدەپەڕێت. بە ڕای پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقی حیجابەکەی ژینا بەقەدەر پێویست نەبووە. لەو کاتەوە ڕۆژێک نەبووە بە هەزاران ژن بە گژ هێزە ئەمنییەکاندا نەچنەوە. ڕۆژێک نەبووە کە ژنان مافی هەبوونی خۆیان، بە حیجابەوە یان بێ حیجاب و بەو چەشنەی خۆیان دەیخوازن، داوا نەکەن.

لاوان بە ڕۆژ و بە شەو ڕادەپەڕن و بە بەردەکانی نێو دەستیانەوە پاشەکشە بە پیاوانی تەیاری چەکدار دەکەن. هێزە ئەمنییە پڕ هەژمار و جۆراوجۆرەکان، بە جلوبەرگی مەدەنی یان بە یۆنیفۆرمەوە، بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین یەکیان گرتووە. لە بەرانبەردا، خەڵکی ڕاپەڕیو شەقامەکان داگیر دەکەن، بە گژ پیاوسالاریدا دەچنەوە، ڕق و نەفرەتی خۆیان هاوار دەکەن، داوای دادپەروەری دەکەن و هۆشداری دەدەن:

**«ئەمە دوایین پەیامە، ئامانج خودی نیزامە»**

سەرەڕای توندوتیژیی بێسنوور، سەرەڕای سەرکوتکردنی شارێک کە خەریکی شینگێڕی بوو (سەقز، ٢٦ی خەرمانان)، بەڵام هەمووان وەستاون و بەرگری دەکەن؛ سەرەڕای دەستبەسەرکردنی پێشوەختەی سەدان چالاکی کرێکاری، چالاکانی فێمینیست، ئەندامانی یەکێتییە کرێکارییەکان و ئەنجومەنەکان، خوێندکاران، مامۆستایان، وەرزشکاران و هونەرمەندان، سەرەڕای کوشتنی بەکۆمەڵ (زاهیدان، ٨ی ڕەزبەر) سەرەڕای دەستگیری و سەرکوتکاری و لێدانەکانی ناو زانکۆ (زانکۆی شەریف، ١٠ی ڕەزبەر)، دواجار سەرەڕای هەڕەشەکانی ڕێبەری حکوومەت (١٠ی ڕەزبەر).

سەرەڕای سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کرێکاری لە چەند ساڵی ڕابردوودا، یەکێتییە کرێکارییەکان لە پێناو ڕووخاندنی ڕژێمدا داوای مانگرتنی گشتییان کردووە؛ ڕژێمێک کە خەریکی تاڵانکاری، چەوساندنەوە، کوشتن و دەستدرێژییە و لە کاتێکدا کە خەڵکی خەباتکاری ئێران و وڵاتانی تری ناوچەکە سەرکوت دەکات، هاوکات بانگەشەی دژایەتیکردنی ئیمپریالیزمی ئامریکایش دەکات. ئەم مانگرتنانە لە کوردستاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو بەڕێوە چوون و لە ناوچەکانی تریش خەریکە ڕێک دەخرێن.

لە ڕۆژی شەممە یەکەمی ئۆکتۆبرەوە (٩ی ڕەزبەر) خوێندکارانی سەرانسەری ئێران دەستیان داوەتە مانگرتنی گشتی، کچانی قوتابییش چوونەتە ناو مانگرتنەکەوە، ئەنجومەنەکانی مامۆستایانی قوتابخانە بانگەوازی مانگرتنیان بڵاو کردووەتەوە و چالاکانی فێمینیست و کرێکارییش لە بەندەکانی خۆیان لە زیندانەوە  پشتیوانییان لە خەڵک کردووە. کەس ناتوانێت دەرئەنجامی ئەم ڕاپەڕینە لە کورتماوەدا پێشبینی بکات، بەڵام بێگومان ئەم ڕابوونە جەماوەرییە خاڵێکی وەرچەرخانی گرنگە لە مێژووی خەبات و بەرگری لە ئێراندا.

لە دەرەوەی ئێران، ژنانی کوردستان، ئەفغانستان، تورکیا، سوودان و تونێس پشتیوانییان لەو ڕاپەڕینە کردووە و یەکێتییەکی فێمینیستییانەی بێوێنەی نێونەتەوەییان خولقاندووە. بەڵام لە وڵاتانی «باکوور»، لە بایدێنەوە بگرە تا مێلۆنی و هەروەها هەموو هێزە پاشڤەڕۆکان لە فەرەنسا، بەکارهێنانی ئامێرییانەی خەباتی ژنانی ئێرانیان کردووەتە کۆڵەکەی هەڵوێست و کارەکانیان.

ئێمە کە لەگەڵ ئێران، فێمینیستەکان، دژبەرانی ئیمپریالیزم و سەرمایەداری و هەموو شێوازەکانی سەرکوتکردندا هاوهەڵوێست و هاوپشتین، ئاراستەیەکی دیاریکراو دەگرینە بەر: پشتیوانیکردن لە ڕاپەڕینی فێمینیستییانەی ئێران و بەگژاچوونەوە پشتیوانیی هەلپەرستانە بەتایبەت لە دیاسپۆرادا. ئێمە دەمانەوێ دەنگی ژنان، کرێکاران، کەمینە مەزهەبی و نەتەوەییەکان، کۆمەڵگەی LGBTIQ+، میلیۆنان کرێکاری ئەفغان و منداڵەکانیان کە بە دەست هەڵاواردنی سیستماتیکەوە لە ئێراندا دەناڵێنن، بە گوێی خەڵک بگەیەنین.

**پەیوەست بن بە ئێمەوە!**

**بمرێ ستەمگەر، چ شا بێ و چ ڕێبەر!**

**لە پێناو مافی شادی و ژیاندا!**

**لە پێناو خەباتی ڕزگارییەخش لە ئێران و شوێنەکانی تردا!**

**ژن، ژیان، ئازادی!**

**لەسەر بانگهێشتی فێمینیست و کوییرە ئانتی کاپیتالیست و ئەنتێرناسیونالیستەکان و بە هاوکاری گرووپە چەپ و دێموکراتەکانی پاریس**